# ئیبن عومەرم بینی بە لای پیاوێکدا تێپەڕی بینی وشترەکەی لەسەر چۆک لەسەر زەوییە بۆ ئەوەی سەری ببڕێت، ووتی: بیوەستێنە سەر پێ و(دەستێکی) ببەستەرەوە؛ ئەمە سونەتی موحەمەدە -صلى الله عليه وسلم

لە زیادی کوڕی جوبەیرەوە دەڵێت: ئیبن عومەرم بینی بە لای پیاوێکدا تێپەڕی بینی وشترەکەی لەسەر چۆک لەسەر زەوییە بۆ ئەوەی سەری ببڕێت، ئەویش (ئیبن عومەر) ووتی: «بیوەستێنە سەر پێ و(دەستێکی) ببەستەرەوە؛ ئەمە سونەتی موحەمەدە -صلى الله عليه وسلم-».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

سونەت لە سەرپەرینی مانگا وپەز وئاژەڵی تر -جگە لە وشتر- نەبێت ئەوەیە کە لە لای چەپی ملیانەوە لەسەر زەوی دابنرێن وپاشان سەر ببڕدرێن، بە شێوەیەک ئاراستەیان بەرەو ڕووی قیبلە بێت، بەڵام لە وشتردا؛ سونەت ئەوەیە خوێنهێنی ملی ببڕدرێت کە ئەمیش شوێنێکە دەکەوێتە سەرەوەی سینگ وسەرەتای ملی وشترە، ودەبێت (دەستی) چەپی ببەسترێتەوە، چونکە هێزوری دەکاتەوە وڕۆحی بە زوویی دەردەچێت، وبۆیە کاتێک عبداللەی کوڕی عومەر بە لای پیاوێکدا تێپەڕ بوو کە دەیویست وشترەکەی سەر ببڕێت لە کاتێک بەسەر ئەژنۆکانیدا لەسەر زەوی داینا بوو، پێی ووت: بە پێوە بیوەستێنە، و(دەستی) چەپی ببەستە، ئەمە سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە بە پێی ڕێنماییەکانی قورئانی پیرۆز کردەوەی کردووە، خوای گەورە دەفەرموێت: {فَإِذَا وَجَبَتۡ جُنُوبُهَا فَكُلُواْ مِنۡهَا} [الحج: 36] واتە: {ئینجا کاتێک کەوتنە سەر زەوی بە تەنیشتدا (کاتێک گیانیان دەرچوو) ئەوە لەگۆشتەکەیان بخۆن}، واتا ئەگەر لایەکانی وشترەکە کەوت بەسەر زەویدا، وکەوتنیش ڕووبادات ئەگەر ئاژەڵەکە بە پێوە نەوەستا بێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3464